کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 23:38

## گرووپی ڕاچەنین لە5/3 دەسەڵات ڕادەچەنێنێت

**کوردستان نێت: سلێمانی**

لەکۆبونەوەیەکدا لەهۆڵی ئازادی شاری سلێمانی بەئامادەبونی زیاتر لەپەنجا ڕۆژنامەنووس پاش دوو کاتژمێر گفتووگۆ گرووپی ڕاچەنین بریاریدا کەرۆژی 5/3 ڕۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەریی جیهانی چەند نمایشێکی نارەزایی ڕۆژنامەوانی ئەنجامبدا سەمیرە محمەد ئەندامی ئەم گرووپە بەکوردستان نێت ی ڕاگەیاند دوای گفتوگۆیەکی زۆر گەیشتین بەو بڕیارەی کە گرووپی ڕاچەنین لەرۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەری جیهانی بەچەند نمایشێك و دەرکردنی بەیانێك ئەو یادەبکاتەوە سەمیرەوتیشی لە وکۆبونەوەیەدا بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانمان بڕیار مانداوە کەهیچ یاداشتێك ئاراستەی دەسەڵات داران نەکریت لەبەرئەوەی تائیستا لیپرسراوانی حکومەت بەتەنگ نوسین و یاداشتی ڕۆژنامەنوسانەوە نەهاتوون بڕیاریشە چالاکییەکانمان لەکاتژمێر چواری ڕۆژی 5/3 لەپارکی نالی لەشاقمی سالم دەستپێبکەین و چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیرو مامۆستای زانکۆ وشارەزایانی بواری ڕگەیاندن بەشداری تیدا بکەن.

گرووپی ڕاچەنین لە5/3 دەسەڵات ڕادەچەنێنێت


سەمیرەمەحەمەد


بەهێزحسێن

هەروەها بەهێز حسێن ئەندامی گرووپی ڕاچەنین داوای لەسەرجەم ڕۆژنامەنووسان کرد کە بەشداری ئەو چالاکیە بکەن و داوای پشتیوانی و کۆمەکی لەسەرجەم ڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەریی و کەسایەتیە ڕۆشنبیرییەکان کرد، پشتیوانی لەداخوازییەکانی ڕۆژنامەنووسان بکەن بۆدەستەبەر کردنی مافە پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسان.

شایەنی باسکردنە کوردستان نێت ئەندامی گرووپی ڕاچەنینە جگە لەڕۆژنامە نووسانی کوردستانیش کەناڵی فەیحایی ئێراقی بەشدار دەبن لەچالاکییەکانی گروپی ڕاچەنین لە5/3 دا وەسەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان لقی سلێمانی لەرێگای نوینەرەکەیانەوە کەلەکۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو ڕایگەیاند کەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تەواویی پشتیوانی خۆی بۆ چالاکییەکانی گرووپی ڕاچەنین دەردەبڕێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.